


هەموو ساڵێ
دەچینەوە ناو سێبەری
یادکردنەوەی
پیرەداری کۆستەکان و
پەڕۆی شیعر
بەسەرچڵی
داماویمانەوە دەکەین !
هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا
لەم دەربەنی کەوەڕۆژ و
خوێن و ڕەو و ئەنفالەدا
بەرد خاش دەبێ و
گۆڕ دەگرییە و
شیعر دەبێ بە چوالەی تەڕو
هەر بە سەوزی هەڵدەوەرێ
کۆستیش تا بێ
تابێ
پەزێرە و پەزێرە ئەبێتەوە و
نسرمی لەش
پڕدەبێ لە چڵی ژە هر و

هەتاوی لەش
پڕدەبێ لە نسرمی ژەهر !
لە کن ئێمە
چاڵی ژەهر و چاڵی خەمان هێندە قوڵن
بە گورزی کازیوەی خوداش پڕنابنەوە
لە کن ئێمە
کەوەڕۆژی مێژووی ئێمە هێندە لێڵن
بە گورزی نووری لای خوداش ڕۆشن نابنەوە
لەوەتەی هەین
هێندە سەوزە داماویمان
گەر دوا یەکیان ژمارەی کەین
ڕەنگە بە ژمارەی هەموو گەڵاکانی پایز
جێگە پێیان پڕ نەبنەوە !
گەر دوا یەکیان ژمارەی کەین
ڕەنگە بەژمارەی
هەموو هەسارە ڕووخۆشەکانی شەویش
چاڵێ لە مەحزوونی و
چاڵێ لە ڕامانمان پڕ نەبنەوە !
وای خودایە ئەو ساڵانە
چەن کز ومەینەت بار بووین
چەن غەریب بووین
غەریب بە تۆ
غەریب بە خۆ
غەریب بەم وولاتە هەڵپاچڕاوەی
بەر خوڕەمی تەور تەوراس !
هەمو ساڵێ لەم ڕۆژەدا
(با)گۆرانییەکی نوێ دەچڕێ و
چارەنووس گوێی خۆی دەئاخنێ و
شیعریش
شیعریش بە تاقانەیی خۆی

به وخەزانی بێکەسییە
لەقەوەی کۆستەکان نایە و
بڕی مەودای داپۆشینی
سەر چاڵە ژەهرەکان ناکا
لەقەوەی ساردا وێ لەخەم نایە !
هەموو جارێ دەڵێم:
هەموو شیعرێ دەڵێم
یارانی من
یارانی قەڵەم و حوزن
ئەم شیعرەیان
لە کەتانی ئاسمانی خوا بەرین ترە
بۆ داپۆشینی کۆستەکان !
لەبەهاری خوا سەوز ترە
بۆ هاوسێیەتی پایز و
بۆ هاوسێیەتی خەمی ئاڵ
هەموو ساڵێ
دەڵێم
ئەم شیعرەیان
دەبێ بە شالاوی زەریا و
دوورگە دوورگە تاڵییەکانم دەبا !
دەبێ
بە سپی ترین باران و هەور
کێڵگە کێڵگە
خەڵوزاوی ئەم گووندانەم دەبا !
لێ جەخار و
هەزار جەخار
هەمووساڵێ لەم ڕۆژەدا
شیعر دەبێ بە بازێکی غەوار و
زمانی فڕینی دەشکێ و
دەبێ بە کەنیشکێکی گەرمیان و

**شووشەی کچێنی لێ دەکەوێ و لێ دەشکێ**

**هەمووساڵێ لە حەژمەتدا**

**لە دەرماڵی**

**ئەم کۆستە قەرسیلانەدا**

**شیعر بۆ خۆی ئەنفال دەبێ و**

**شیعر بۆ خۆی شەهید دەبێ**

**وای خودایە**

**دەبێ پرسەی شیعر**

**چەن شیعری تر بە ڕۆح بێنێ و**

**چەن قەڵەمی تر بگریەنێ !**

**ئیتر خودا**

**خودای ئایە و خودای عیشق**

**ئیتر خودا**

**خودای نزا و خودای میحنەت**

**من چی لە خەزنەی ئەو شیعرانەکەم**

**لە ڕۆژێکی تەڕ وتووشا**

**لە قوڕاوی زەمانێکدا**

**لە برژانگی ووشەی خۆیان**

**کەوشێ**

**سۆلێ لە گیا**

**بە مناڵە پێخاوسەکانی ووڵاتم نەدەن !**

**من چی لە خەزنەی ئەو شیعرانە کەم**

**بە خوڕەمی هەموو ڕەنگێکەوە**

**ڕەنگێ لە مەحزوونی**

**جەستەکەی (عومەری خاوەر) دانەپۆشن**

**یاڕەب تۆ بڵێ:**

**من چی لە خەزنەی ئەو شیعرانە کەم**

**گەر لە ساڵ یادی ئەنفال و**

**لەیەکەم ڕۆژی کۆڕەو دا**

**مینا جاران**

پەنجەرەکانی ئاوایی بەرەنگ نەکەنەوە و
وەکو چاوی
بنچکێ کووزەڵە لە کانی
هەناسەی سەوزەڵانییەک
بە دەشتی ئەو گووندانە م نە بەخشنەوە !
وەکوجاران
جارِی سەر چڵ
پرِ نەکەنەوە لەتۆوی
جووکە و لە تۆوی جریوە !
کانی ژنان
پرِنەکەنەوە لە نەسیم
لەنەسیمی لاوک وهۆرە
لە باسی عیشق ودڵخوازی
لە ژووانی پەنا پاسار
لە نیگای زەردەپەرِی سوور
لە شەرم وئەیرِۆی کەنیشکان
لە رِەسمی (خاڵ)ی ژێر چەنە !
نسرمی دێ
بە تەنافی زەردەپەرِدا هەڵنەواسن
چاوانی( مەلەک) و (شیرین)
بە کل نەرِێژنەوە و
شلکە سرکەیی نە پێچن
لە دەوری کاکۆڵی (خەجێ) و
یەخەی (خونچە) و
مانگەشەوی سنگی خونچە
پرِنەکەنەوە لە سمڵ و
لە مسکی ئاهوی لای (جافەران)
نیشتیمان پرِ نەکەنەوە
لەهەواڵی بووکی دزراو
لە نێرگز ی باڵ بەستی ناو

**ماڵەکانی سەما و**

**تاریکاییەکانی ئەهرام !**

**من چی لە خەزنەی ئەو شیعرانە کەم**

**لە سەر پشتی بۆراقی خوا و**

**بەبەلەمی قەڵا خەزنەی**

**ئەم پیاوانەی دەسەڵات**

**بە ناو نیلی جەرائەت دا**

**نەگەنە ناو نیشتیمانی فیرعەونیان و**

**بە قەیاغێ لە ئازادی و**

**لە ڕیحانە**

**پاکیزەکانی گەرمیان و**

**قەرەداخم نەهێننەوە !**

**من چی لە خەزنەی ئەو شیعرانە کەم**

**کە بارانی کۆستمان هەر خوڕەم بێ و**

**کوردستانیم**

**لە کوردستان**

**هەر بێ ماڵ و**

**بێ دەوار بن !**

**کێڵگەکانم هەر پایز و**

**هەر گریانی ناو مێژوو بن !**

**خەسار قەومە**

**دەسەڵاتمان**

**بە دەسەڵاتی خوا دەچێ و**

**لا دیوار و کۆڵەکەی بەر هەیوانی**

**ماڵە گوندێکی وولاتمان**

**بۆ ڕاست نابێتەوە و**

**لە مەرگی گوڵ دا**

**گریانی پەروانەیەکمان**

**بۆ ژێر نابێتەوە !**

**خەسار قەومە دەسەڵاتمان**

به دەسەڵاتی خوا دەچێ و
لێ مخابن
هە تا ئێستا
لەبەردەم هەواڵی (سۆزە وهاوڕێ )كانیا
هەر كڵۆمن
قاپی ڕۆژنامە و گۆڤارەكانمان !
هەر خاو وسستن فڕینی ناو سۆراخمان !
ئێی (سۆزە)گیان
گۆڵەكەی سەما و غەریبی
دەمبوری تۆ
شەقەی باڵی بازی چامە م درەنگ گەشتێ
چاوی جۆگەی دوا ڕوانینم درەنگ گەشتێ
گەرچی من خۆم
خوڕەمێكم لە هاواری ئێوە و
خوڕەمێكم
لە نەتەوەیەكی ئەنفال
لێ بە تەنێ
هۆ خانمە ڕەشپۆشەكەی من
جریوە باخێ ئاڵ ناكا و
چرایەک وولاتێ رۆشن ناكا !
وەلێ چیبكەم تاقانەشبم
من جیرەمە هەمووساڵێ
لە خەمتانا
لەسەربانی ماڵی خواوە
سڵاوێ لە حوزنی ئێوە و
سڵاوێ لە( سێ و سێنان )و
تفێ لە (دەسەڵات) بكەم !
سڵاوێ لە حوزنی ئێوە و
سڵاوێ لە( بالیسان) و
تفێ لە (دەسەڵات) بكەم!

ئێی( سۆزە)گیان ،

ئەمێستا من

سەوڵی بەلەمی قەڵەمم و

شەڕ بەو مەوجانە دەگێڕم

لێویان بۆ ڕەهێڵەی ژەهر دەکردەوە و

ئێمەیان بە سەوزی حەپە لوش دەکرد

ئەنفال

یان خوڕەمی گورگ وەسەر دەشتا !

ئەنفال

یان جەنگەڵێکی لە بار بۆ ڕاوە ئینسان !

ئەنفال

یان بەهاری ماڵ سووتان و

شەرا بەربوون لە سیما !

ئەنفال

یان لاستیکێ لەئایەی خوا

بۆ سڕینەوەی ئەم قەومە !

ئەنفال

یان ئاژەنی مەرگ وپایز

بەسەر دەشتەکانی( داوێ و زەنگ ئاباد)دا !

وای خودایە ئەوڕۆژانە

چ جەنگێکی بێ ئامان و

چ بەورێکی بێ ووچان و

چ لێزمەیەک بوو لە جەلاد !

ئەو ڕۆژانە

کە(گسکتان لەژیان) دا

ئێمە

چەن تەژی بووین

لە( ئاڵ)یەتی نەتەوەیەکی ڕۆشن و

لە ئالوودەیی هەناری ناو ئازادی و

لە جریوەی هەسارەکانی ئومێدو

له پەیامی دۆستایەتی نا دۆستانمان
له پەیامی فەرامۆشی ڕەنگەکانمن
یاران هانا
ڕوحمێ وه بێ ڕەنگیم بکەن
کێ لەڕەنگی
ناو مەحزوونی( میمکه ڕابه) بەشم دەدا
له ڕەنگی پرچ وکاکۆڵی
له ڕەنگی سێوی بێ ئاوی
ناو بەرۆکی داچەکیوی !
کێ له ڕەنگی
چنگه نانی
دەس مناڵێ بەشم دەدا
له رەنگی ڕاوی سپیدەو
له ڕەنگی شاڵاوەکانی دوای زەردەپەڕ !
خودایه ئەم هەموو دڵه ، به چی ڕۆشن دەبێتەوه ؟
ئەو هەمووچرا کوژراوانەی بیابان
ئەو هەموو تەیر و چۆلەکه
بێ جریوانەی ناو عەر عەر
چۆن چۆن دێنیتەوه ؟
ئاخەر خودا
کەسێک نیه و
دارمەیتێک نیه و هەزار
ئەو هەموو تابووته بەچی دێنیتەوه ؟
زویر مەبه خودا
بێ دەنگی تۆش
خەتایەک بوو له ڕەنگی وان !
بێ دەنگی تۆش
دزییەک بوو لەگەمەی وان !
ئاخر خودا
بێ سەروشوێن کردنی نەتەوەیەکی ئاوا

هەڵدانی شەوەیەک نەبوو لە شەودا بۆ گۆم !

لە (لم)نانی

ماسییەکی وردیلانە نەبوو لە شەو ڕۆخدا!

هانا یاران

بە چاوی حەڤدە ساڵ پێش ئێستە

تەواشاکەن

لە بیرتانە

زەنگەنە بوو بە قەڵای ڕووتەن و

جەباری بوو بە خەنەکی وشکایی و

سرووشتی خوا

لە دەشتی خوا

بە تالآن رۆیی !

لە بیرتانە

گوڵ بە خار و

مەخلووق بە ژەهر و گورگ ڕۆی

لە بیرتانە

لە بیابان

ڕۆژی

(یوم القیامە) بوو

ئەویَ سەعات

عەرعەر زاوای

هەموو بووکەکانی ئێمە و

عەر عەر ماڵی

هەموو زاواکانی ئێمە و

عەرعەر

گۆڕستانی نیشتیمان و

گۆڕستانی هەسارە و مانگە شەومان بوو !

لە بیرتانە

ئەویَ سەعات

عەرعەر

قیسارەی مردنی دەژەنی و
دێڵە سەگ و پیرە سەگیش
بە ئاوازی نان لە ڕۆندا
لووتیان لە لاکی مناڵی ئێمە دەسوو !
ئەویٚ سەعات
ئاوا
و
ئەمێستاش یارانی قەڵەم
تەنیایمان ڕەش وەک سێوی جێماو
بەسەرچڵی ، ووشکە چڵی نسرمەوە !
ئەویٚ سەعات
ئاوا
و
ئەمێستاکەش فەرامۆشن
چاڵی ژەهر و کزەی ژەهر !
فەرامۆشن دەغڵە ڕۆحی
لە هێڵەکی ئەنفال جێماو !
وای خودایە
ئەم نیشتیمانە شیرینەت چۆن کرد
بە مەنزڵی ژەهر و دووپشک
گوڵ و پەروانەت ئەڕای کویٚ هەڵفڕاندن ؟
وای خودایە
ئەمڕۆ دوا سەعاتی کۆستەو
تۆش کەرەم کە
گوێیەک بنیٚ بە پەنجەرەی دڵمانەوە
گوێیەک هەڵخە
بۆ سروودی ئەنفال
بۆ سروودی مەرگ زادەی
نیشتیمانی پەروانە وگوڵ !
چاوێک بنیٚ بە پەنجەرەی چاومانەوە

گرافیکی ئەو سێوە کوژراوانە ببینە تۆ
گرافیکی ئەو هەمووجەستە ووشکەڵە ببینە تۆ
ئەو هەمووکانییە کوێرانە ببینە تۆ
بێرە چاومان
لە غووربەتی دڵمان گەڕێ و
بێرە دڵمان
لە غووربەتی چاومان گەڕێ
بێ تەواشا
ئەم نەتەوە ڕووخۆشەی خوت
چۆن لە کۆشی گۆرانییە ڕەشتاڵەکاندا هەڵدەپەڕن
چۆن لە ناو قەفەزەکانی مەرگا
هێڵنجی جریوەیانە و دەڕشێنەوە !
ئامان خودا
گەر ئەمجارە
لە دۆڵەکانی لای تۆشدا
جارێکی تر ، سەرمان هەڵدایەوە
ئەم جارە ماڵێکمان پێ بە
نزیک لە جوگرافییای پەروانەکان
نزیک لە مەلەی ماسییەکان
نزیک لەئاوارەکانی گەرمیان
تا دەشتوانی
دوور لە پارت و
دوور دوور
دوور لەماڵی سەرکردەکان !
دەی خودایە
بەم خەرمەنی کۆستانەوە
ئەم دۆعایەمان قبووڵکە
خۆ خودایە
ئێمەش هەر لە خۆتین
هەر پرژێکین لەو ئاگرە

تۆ تەماشا
ئێمە چەن عاشقین بە تۆ
ئێمە چەن هۆگرین بە تۆ
ئەها قەرتاڵەکەی دڵمان
چەن تەژییە
لە بۆڵی تۆ !
چەن پڕە لە
بۆڵی ئاگر !
تۆ تەماشا
ئێمە چەن عاشقین بە تۆ و
تۆش چەنە دوژمنی ئێمەی !
ئاخەر خودا تۆش لە مەرگی
هەموو دەف ژەنەکانی وولآت و
تۆش لە مەرگی
هەموو نەی ژەنەکانی وولآتدا
بەشت هەبوو !
قامیشێکت نەهێشتەوە بۆ شمشاڵ و
ئەسپ سوارێکت نەهێڵا بۆ تامی ڕاو !
ڕیشۆڵەیەکت نەهێڵا ، بۆ تامی بەفر و ئێوارە !
چاوڕەشێکت نەهێشتەوە ، بۆ تامی سەوزایی و عیشق !
ئەوی لە داوی ڕاوچیان نەجاتیان بوو
لە داوی ئێوە و ئامانی زوڵم نەجاتیان بوو
تەنها سامی شاخەکانی خواکۆڕەک و قەرەچوغ بوون
تەنها سامی بازەکانی سەر تەوێڵی جافەتی بوون !
وای لە سامی ئەو ڕۆژانە
مەحفبوونمان هێن بە گڕبوو
مەحاڵ بوو خودایە مەحاڵ
بە کڵۆ بەورەکانی تۆش سارد ببنەوە !
داخۆ بیرتە
دێتە یادت زەمانی قیژە وزریکە ؟

زەمانی دووکەڵ وزوڵم ؟
زەمانی خوێن ؟
زەمانێ شەونم بە خوڕەم ،
لە چاوی گوڵی چاو ڕەشان دادەباری و
هەموو خۆف و هەموو ئایەی ئێوەش
ئاونگێکی نەدەهێنا !
ئاخر خودا شەونم بە چی بزە بڕژێ لە لێوانی ؟
کە خێڵی ئاگر و(قەعقاع)
ئاگریان لە بێشکەی مناڵا دەنواند و
بە باخ (شەم)یان
لە ژووانی (وەلی)یەکاندا هەڵدەپڕوزان !
لەچی بدوێم ؟
لەکام حوزن ؟
کە فڵچە بە ڕەنگ ڕاناگاو
کە قەڵەم بە شیعر ڕاناگاو
کە گۆڕ بە خەرمەنی تەرم و
کە باخ بە جریوە ڕاناگا
لەچی بدوێم ؟
ئەیماڵەکەی فەیز وعەتا
ئەی ماڵەکەی جەلادو خوێن
ئەی ماڵەکەی میهر وزاهید
لە چی بدوێم ؟
بێ نیگاکانت بچنەوە لە هەرێمێ
بە گەمەی شمشێرەکانت هێڵنجیان دێ!
بە قەرتاڵەی ئایەکانت
تایان لێدێ
مانەوەت جنوونە لەمێ ،
بفڕە لەمێ
ژیان هێشتا سەوزە لە مێ !
هێشتا سەوزن هۆرەی ئەو ژنانەی

بەدەم گەڵا لێ کردنەوەی ڕەزانەوە دەیانچڕین !
هێشتا سەوزن چڵی چاوشارکێ ی مناڵی شەو
شەوانی قریوە وکۆڵان!
هێشتا سەوزن چڵی بەفر و
خورەمی باز و هەڵۆکان !
بفڕە لەمێ
ژیان دەفڕێ و مردن هێلانە دەبەستێ
مردن دەفڕێ و ژیان هێلانە دەبەستێ
دەسووتێن ولێ دڵنیایین
ژیان وسەوزایی وان لە پشت سووتانەوە !
دەسوتێن و دەڤەر دەڤەر
بە تالآنی دەچین و وەلێ
هەر دڵنیاین
سەوزایی و ژیان وان لە پشت سووتانەوە
هەر دڵنیایین
زەمانێک دی
مێژوو پڕ دەبێتەوە لە قوڵپی نوور و
گۆزەڵەی لای دارستانیش
پڕدەبنەوە لە شەرابی شینایەتی
ڕەشە جاڕ و دێمە جاڕیش
پڕدەبنەوەلە (سازان)ی هەسارەکان !
بەهاری2005/ئەڵمانیا